دانیاڵە وتی((بەڵێ پێمە))
ڕۆکی وتی((ئەوەش پەیژەکەیە))
ویڵییە بچکۆلە پەیژەکەی لەقاند و وتی ((پێ ناچێت مەتین بێت))
ڕۆکی وتی((لە ناو کادینەکە دۆزیمەوە))
ویڵییە بچکۆلە وتی((ئیشی پێ دەکرێت،پێش بەیانیە و کاتمان زۆر بەدەستەوە نیە))
ئایا هەموو لە پیلانەکە نێگەیشتووین؟))
لیا وتی((گاڵە گاڵەکە بۆ ئێڵفز دەگەڕێنینەوە))
دانیاڵە وتی((متمانە))
جینا وتی((لۆری؟ من نەمزانی ئێڵفز توانای لێخورینی هەبێت))
دانیاڵە وتی((متمانە...متمانە))
ویڵییە بچکۆلە وتی((تکایە هاوڕێیان جارێکی تریش ئەیلێمەوە
ئەمەوێت تۆ لەسەر پەیژەکە لەبەرامبەر پەنجەرەی کولانەکە بوەستی
کاتێک ئێڵفز لەخەو هەڵدەستێت
لایتەکە پێبکە



ئەویش وا دەزانێت ئەوە خۆرە
هەر کەدانیشت تۆش نزمی بکەرەوە))
جینا وتی((من تێنەگەیشتم))
لیاش چاوەکانی دەسوڕاند((هەوڵ دەدەین گاڵەگاڵ بۆ ئێڵفز بگێڕینەوە))
دانیاڵە وتی((متمانە))
جیناش وتی(( من ئێستاکەش تێنەگەیشتم))

((6))
خۆر سەردانی ئێڵفز دەکات
ڕۆکی و ویڵییە بچکۆلە چوونەوە نێو کولانەکە.
ئێڵفز دەیپرخاند
لایتەکە لەدیوی دەرەوەی پەنجەرەکە پێ بوو.
ویڵییە بچکۆلە وتی(( وا خۆر هەڵدێت))



www.pertwk.com

ئێڵڤز باڵەکانی کردەوەو وتی((ئەزانم باسی کێ
دەکەی))
((ئەوە منم وا نیە؟))
ویڵیە بچکۆلە سەرێکی لەقاند.
ئێڵڤزیش وتی((زۆر باشە))،دەستی بۆ
مریشکەکان درێژ کرد((لەبەر خاتری ئەوان
دەیکەم))

((8))

ئێڵڤز کارەکە ئەنجام دەدات
هەموو سەرکەوتنە سەر بان و



دانیاڵە ئێڵڤزی برد بۆ قەراغ گوێسوانەکە
ئینجا وتی((دەتوانی ئەنجامی بدەی))
ئێڵڤزیش تەماشای ئەوبەر گردە تاریکەکانی کرد.
پاشان لەلای خۆرهەڵاتەوە تاڵە تیشکێک دیار
بوو.
کاتی بوو
ئێڵڤز هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا .
لەناکاودا قالوچەیەکی گەورە فڕییە ناو
دەمییەوە.
((ئێع!)) ئێڵڤز هێڵنجی هاتەوە((ئێع! ئێع!))
ویڵیە بچکۆلە هاواری کرد((قووق))
ڕۆکی دەنگی بەرز کردەوە((قووق))
تیشک دەستی کرد بە بڵاوبوونەوە بەنێو
ئاسماندا.
دانیاڵە باڵەکانی بەدەوری ئێڵڤز دا لوول دا و
ئینجا توند گوشی.
قاڵوچەکە لەدەمی ئێڵڤزەوە دەرپەڕییە دەرەوە و
ئێڵڤز هێڵنجی هاتەوە.
ئێڵڤز قوقاندی



www.pertwk.com

